# ئەنقەرە و تیرۆر و وڵاتانی دراوسێ

**محەمەدی مشیر**

لە راگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەکەی 2007/11/2 ی ئەستەمبوڵ، کە وڵاتانی دراوسێی عێراق تێیدا ئامادە و بەشداربوون، ئاماژە بەوە کراوە کە هەموو لایەك هەوڵ دەدەن خاکی عێراق ( هەرێمی کوردستان) نەبێتە یا نەکرێتە بنکەیەك بۆ هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێی عێراق.

رەنگە ئەم خاڵە یەکێك لەو خاڵە گەوهەرییانە بێت کە دەرهاویشتەی ئەو کۆنگرەیەن و لە کۆمەڵێك لایەنەوە پێویستی بە هەڵوەستە و لێوردبوونەوە بێت.

لەوەتەی رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس و دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 کە نزیکەی 70٪ ی دەنگدەرانی عێراق بەشداریان تێدا کردو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا دیموکراسییانە یەکەمین حکومەت و پەرلەمانیان هەڵبژارد و بە هەمان شێوەش یەکەمین دەستووری هەمیشەیی وڵاتیان پەسندکرد، ئا لەو کاتەوە تا ئێستا رۆژ لە دوای رۆژ کرداری تیرۆریستی لە سەرتاسەری عێراقدا تەشەنەی کردووە و گیانی هەزاران هاووڵاتی کردۆتە قوربانی، بۆیە سەرەتا پێویستە بگوترێ ئەوە ئێمەین لە عێراق و هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا ساڵانێکە داوا لە (دراوسێکانی) عێراق دەکەین سنوورەکانیان بەرووی تیرۆریستانەوە دابخەن و رێگا نەدەن لە خاکی ئەوانەوە تیرۆریستان دزە بکەنە نێو خاکی عێراقی فیدراڵ.. ئەوە ئێمەین بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی رابردوو لە جیاتی بنیاتنانەوەی کوردستان و عێراق لە سەر بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی نوێی عێراق، ناچارکراوین شەڕی تیرۆر بکەین و ئارامی بگەڕێنینەوە وڵات.. ئەوە ئێمەین بەردەوام داوا لە وڵاتانی دراوسێ دەکەین دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراقی تازە وەرنەدەن و لێمان گەڕێن با درێژە بە ئەزموونە تازەکەی عێراقی فیدراڵ بدەین .. ئەوە ئێمەین چەندین جارە داواتان لێدەکەین یارمەتی تیرۆریست و گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان مەدەن تاکو باری ئاسایشی عێراق هێور و ئاسایی ببێتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق تاوێك بە ئارامی چاوبنێنەوە و لە ئاشتیدا بژین...

سەیرە دوای ئەو ماوە درێژە لە هەڵویستی چەوت و نادروستی وڵاتانی (دراوسێ) ئەڵڵا قۆیماسن تورکیا دەیەوێت گڵۆرەکە بخاتە نێو یاریگای ئێمە و حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بەوە تاوانبار بکات کە گوایە لە خاکی عێراقەوە( لە کوردستانەوە) تیرۆریستان هەڕەشە دەکەنە سەر وڵاتانی دراوسێی عێراق. زۆر سەیرە دز بیەوێ خاوەن ماڵ تۆمەتبار بکات لە کاتێکدا حکومەتی تورکیای( دراوسێ) دەیەوێت هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بەوە تاوانبار بکات کە گوایە پشتیوانی لە تیرۆریستان دەکەن، کەچی ساڵانێکە خۆی زۆر بێشەرمانە و بە شێوەیەکی بەردەوام پشتیوانی لە بەرەی بەناو تورکمانی کردووە و دەیان جاریش هەڕەشەی لە کورد و حکومەتی هەرێم کردووە، وێڕای ئەوەی کە حکومەتی هەرێم هەمیشە خوازیاری رێگاچارەی ئاشتیانە و دیپلۆماتیانە بووە. گەر تورکیا بە نیازە لەم رێگایەوە قەیرانەکانی ناوخۆی بخاتە ئۆباڵی وڵاتانی دراوسێ ئەوا باشترە سەرەتا ئەوەبزانێ کە هەبوونی PKK دیاردەیەکی تازە نییەو لە هەمان کاتیشدا دەرەنجامی خودی ئەو سیاسەتە عەسکەرتاری و هەڵوێستە سیاسییە شۆڤینستانەیە کە پتر لە سەدەیەکە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە دەرحەق بە بوونی پتر لە 25 ملیۆن کورد ئەنجامی دەدەن.

ئەوەی مایەی نیگەرانی حکومەتی تورکیایە لە پەنای پەکەکەدا ئەزموونی تازەی عێراق و حکومەتی هەرێمی فیدراڵی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵە، هەر ئەمەش بووەتە کابوسێك کە خەو لە چاوی ژەنەراڵەکانی تورکیا دەزڕێنێت نەوەکو هیچی تر. تورکیایەك کە جگە لە زمانی زەبروزەنگ و داپڵۆسین هیچ رێگایەکی دیکە ناگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی پشتیوانی لە تیرۆر دەکات و هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێی یان حکومەتی کوردستان و عێراق کە هەمیشە خوازیارن وڵاتانی دراوسێ دەست لە کاروبارەکانی ناوخۆی عێراق وەرنەدەن و هەرکێشەیەکیش هەبێت لە رێی دیالۆگ و رێگا چارەی ئاشتیانەوە لە نێوان دراوسێکان چارەسەر بکرێت؟؟ کامەیان لەوە نزیکترە خاکی خۆی بکاتە بنکە بۆ تیرۆریستان، کەسێك بە دوای ئاشتی و تەباییدا بگەڕێت یان کەسێك جگە لە چاوسوورکردنەوە و نیشاندانی هێز هیچی دیکە نەزانێت؟